
**بۆکان لە مێژوودا (٤١١)** **ئەنوەر سوڵتانی**

## مێژووی ئەدەبی کوردی دوکتۆر مارف خەزنەدار




خەزنەدار، مارف؛ "مێژووی ئەدەبی کوردی"، چاپی دووهەم، بەرگی یەکەم تا حەوتەم هەمووی چاپی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠، سەرجەم لاپەڕەکانی ٧ بەرگەکە ٤١٥١ لاپەڕە، کوردی.

ئەوە دوایین کاری جیددییە کە تا ئەمڕۆ لەسەر مێژووی ئەدەبی گەلی کورد کرابێت و لە ڕاستیشدا کارێکی گەورەیە. کتێبەکە، مێژوویەکی بە تەفسیلی ئەدەب (بەگشتی شیعر) ی کوردییە لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم لە حەوت بەرگی پڕلاپەڕەدا.

پرسیاری سەرەکی هەمووکەس لەم پەیوەندییەدا ئەوە دەبێت کە سەرەتای ئەدەبی کوردی لە کوێوەیە؟ نەمر دوکتور مارف، کە بە ماوەیەکی کەم دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کارە مەزنەی کۆچی دوایی کرد، لە بەرگی یەکەم لاپەڕە ١٧٧ دا مەسەلەکەی ئاوا کاکڵە کردووە:

"... لەبەر ئەوەی مەدەنییەتی ئیسلامی کاری لە ئەدەبی کوردی کردووە، ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیر وباوەڕە مێژووی ئەدەبی کوردی دەنووسینەوە و هەوڵ دەدەین لەم کارەدا هەندێ لە مێژووی هەزارساڵەی پڕ لە شانازی... ئەدەبی کوردی بخەینە ڕوو."(ب. ١، ل. ١٨١)

واتە نووسەر مێژووی سەربەخۆی ئەدەبی کوردی لەژێر ڕووناکایی مەدەنییەتی ئیسلامی و لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا دەنووسێتەوە. دیارە ئەو بۆچوونە جێگەی پرسیارە. بۆ نموونە دەتوانین بپرسین

ئەی سەدەکانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچەکە چی لێ دێت؟ تەنانەت مێژووی پێش هاتنی ئارییەکان چی؟ خۆ ئەم ناوچەیە پێش هاتنی ئارییەکانیش نیشتەجێی خەڵک بووە و هەر ئەو مەلحەمانەی وەک گیلگامیش کە خۆی ئاماژەی پێکردوون لەو سەردەمانەدا خوڵقاون. بە گوێرەی بۆچوونی دوکتۆر مارف ئێمە تەنیا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئارییەکان و زمانی هیند و ئەورووپی و بڵێین زمانە ئێرانییەکان هەمان هیند وئەورووپین هاوڕێ لەگەڵ شتێکی تر کە پێکهاتەی ئەو دوانەیە و دەبێتە زمانە ئێرانییەکان؛ زمانی کوردیش هەمان زمانە ئێرانییەکانە و شتێکی تر کە پێکهاتەی ئەو دوانەیە و دەکاتە زمانی کوردی. دیارە ئەوە بۆچوونێکی کۆنە کە ئورووپییەکان لە ماوەی سەدە ودوانی پێش ئێستادا هێناویانەتە ناوچەکە و تێیدا شارسانیەتی کۆنی چیاکانی زاگرۆس وەک ماننایی و ئورارتو و گوتی و لوولووبی و سۆمەری دەخرێتە پشت گوێ. کتێبی تازەی کاک سۆران حەمەڕەش بەرپەرچدانەوەیەکی زانستییانەی ئەو بۆچوونە چەوت و ناڕاستەی ئوروپاییەکانە کە شوێنی زۆری داناوەتە سەر پسپۆڕە خۆماڵییەکانیشمان.[8]

هەرچۆنێک بێت، دوکتۆر مارف سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی ناباتەوە یەک شوێنی تایبەت بەڵکوو لای وایە ئەدەبی کوردی لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی و لەشوێنی جیاواز سەری هەڵداوە بەڵام ئەولەوییەت دەداتە زاراوەی گۆرانی و شیعرە ئایینییەکانی یارسانەکان و باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٧ – ١٠١٠) ش بە یەکەم شاعیری کورد دادەنێت (١، ٢٠٥).

بەداخەوە ئەم زنجیرە وتارە شوێنی هەڵسەنگاندنی کتێبەکە بە گشتی نییە وتەنیا دەبێ باسی سەبارەت بە بۆکان بگرێتەوە. هەر بۆیەش لە زۆر قسە و بۆچوون و ڕاگواستن چاو دەپۆشم و دەچمە سەر باسی سەرەکی. ناوی بۆکان لە بەرگی چوارەمەوە (نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی) لە کتێبەکەدا دەردەکەوێت:

<u>بەرگی یەکەم</u> (لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەمی زایینی): جگە لە زانیارییە گشتییەکان، بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.

<u>بەرگی دووهەم</u> (سەدەکانی چواردەم تا هەژدەم): بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.

<u>بەرگی سێیەم</u> (نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، ١٨٠١- ١٨٥٠): ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستاندا. بابەتێکی تایبەت بە بۆکانی تێدا نییە.

<u>بەرگی چوارەم</u> (نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ١٨٥١- ١٩١٤): بڵاوبوونەوەی ڕێنێسانسی ئەدەبی کوردی لە هەموو ناوچەکان:

بەشی هەژدەم، عەبدوڵڵا بەگی میسباح (ئەدەب)، لل. ٤٨٣ تا ٥٣٠

<u>بەرگی پێنجەم</u> ( نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم، ١٩١٤ تا ١٩٤٥):

بەشی چوارەم، حەسەن (سەیفولقوزاتی قازی)، لل٣٥٧ تا ٣٧٨.

بەشی بیستەم، حوزنی موکریانی، لل ٤٦١ تا ٤٧٤

---

[8]. بڕوانە: حەمەڕەش، سۆران، "کورد کێیە؟"، ناشر: نووسەر، لەندەن ٢٠١٣

بەرگی شەشەم ( ١٩٤٥ تا ١٩٧٥ ئەلف):

بەشی سی ویەکەم، حەقیقی (لل. ٥٥٧ تا ٥٦٧)،

بەشی سی وسێیەم، ئاوات (کامیل ئیمامی)، (لل. ٥٨١ تا ٦٠٤).

بەرگی حەوتەم (١٩٤٥ – ١٩٧٥ ب):

بەشی نۆزدەهەم، حەسەن قزڵجی (١٩١٤ – ١٩٨٤)، (لل. ٢٦٩ – ٢٧٤)،

بەشی بیست وهەشتەم، هەژار (١٩٢٠-١٩٩١)، (لل.٤٠٧ تا ٤١٦)،

بەشی سی و نۆیەم، هێدی (١٩٢٧ – ٠٠٠)، (لل. ٥٨١ تا ٥٩٢).

تەواو